خۆزیا مام ئەولا سەرۆکی حکومەت بوایە ... سالارتوتمانی

لەپاش ڕاپەڕینەوە بڕیاری قەدەغەکردنی فرەژنی دووجار هەڵوێستەی لەسەر کراوە جارێك لەسەر دەمی دووحکومەتی و دووئیدارەیدا، ئیدارەی سلێمانی یەك لایەنە ئەم بڕیارەی ڕاگەیاند..، لەپاش یەکگرتنەوەش لەم ماوەیە دا حکومەتی هەرێم ئەم بڕیارەی نەوژەن کردەوە وەلی بەسزایەکی توند لەجاری پێشوتر چ لەڕووی داربیەوەو چ لەڕوی زیندانیکردنی کەسی سەرپێچیکەرەوە.

بۆچۆنیەتی هەڵسەنگاندنی بڕیارەکە.. لە (مام ئەولای) دنیا دیدەم پرسی.. ئەویش سەرێکی بۆلەقاندوو بزەگرتی ووتی، حکومەتێکی سەیرمان هەیە، لەماوەی دەسەلاتیدا بۆیەك جاریش سەرژمێرێکی ئەوسی پارێزگایەی نەکرد تایزانی ڕەگەزی " نێر زۆرە یان می " خۆئەگەر ڕاوێژێکیان بەمنی نەخوێنەوار بکردایە پێمدەوتن، لەجەنگی عێراق ئێران، عێراق کویت، عێراق کورد، جاش کورد، جەنگی یەکیەتی و پارتی، جەنگی پارتی وشۆشیالست، جەنگی جوندو یەکیەتی سەرجەم ڕووداوە سروشتیەکان " نێر" تێیدا بووەبەقوربانی.. بائەوەش بوەستی ئەوەی تێتەقاندوە بۆ ئەوروپاو ئەمریکاو... ئەوانەشی لەکارە تیرۆرستیەکاندا شەهیدبوون هەر " نێر " بوون. کەواتە ڕێژەی مێینە لەبەرابەر نێرینەدا یەك بەپێنج بەرەو ژور تر دەبێت، کارەساتە ئەم حکومەتە بەجی ی بڕیاردەرکردن دەبوو بەشێوێن چارەسەری بنەڕتیدا بگەڕایە..

لێم پرسی ئەو چارەسەرە چییە کەوا ئەم بڕیارەی پی ڕاست وچەپ دەکەیت، ؟

ووتی لەبری ئەو بڕیارە دەبوایە حکومەت ولایەنی پەیوەندیدار بهاتایە سولفەی زەواجی لە750، 000 هەزار دیناری بی قابیلەتەوە بکردایە بە 5، 000، 000 پێنج ملوێن دینارو بەهەموو چین و توێژێکی گەنجی بدایە کەئارەزووی هاوسەرگیریان هەیە، ئەو مەبلەغەشی بەقیست لێیوەرنەگرتنایەتەوە، هەروەها یەکی یەك شوقەی پڕ لەئەساسی ناوماڵیشی پێبدانایە..، جابا ئەو کاتە بمزانیبایە بڕیاری لەو چەشنە پێویستی دەکرد یان نا... ئەوە عیلەتی بێبەر گی و (بێنێرینەیی یە کەوامێینە) سەربەهەوی شودەکات.. کەئەوە نەکرا وە بڕیاری لەوچەشنە هەربۆ تەنەکەی خۆڵە کەباشە.

کەئەم فەرمایشتەی مام (ئەو لام) بۆگەنجێکی بی (توتن) گێڕایەوە.

ووتی خۆزیا مام ئەولا سەرۆکی حکومەتی بوایە.. !!

کەواتە ئەی جەنابی وەزیری پەیوەندیدار بەم بابەتەوە با فەرمایشتەکەی مام (ئەولا) بێت و ئەم بڕیارەی تۆ پەنجەی پەشیمانی بگەزێت... چونکە بیستومە خەڵکی خواپێداو دەوڵەمەندی گەرمیان (کەلار) بەتایبەتی.. بۆهێنانی ژنی دووەم و سی هەم تە شریف دەبەن بۆلای حاکمەکانی جەلاولاو خانەقین و لەوی عەلام دەردێنن..